شیعر بۆ منداڵان

# هاوڕێی ژینگەم

ڕۆستەم خامۆش

٢٠٢٥ - هەولێر

# ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: هاوڕێی ژینگەم
- بابەت: شیعر بۆ منداڵان
- نووسینی: ڕۆستەم خامۆش
- نەخشەسازیی بەرگ: نووسەر
- نەخشەسازیی ناوەوە: نووسەر
- وێنەکان: لە ئینتەرنێت وەرگیراون
- نۆبەتی چاپ: یەکەم، ساڵی ٢٠٢٥
- تیراژ:
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپ: چاپخانەی هێڤی - هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٨٨٢)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدراوە.

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشکەشە | ٥ |
| پێشەکی | ٦ |
| کتێبێکی چەندجوانم | ٧ |
| ژینگەکەمان | ٨ |
| ژینگەپارێزی | ٩ |
| ژینگەی قوتابخانە | ١٠ |
| قوتابخانەم قەشەنگە | ١١ |
| کردەوەی چاک | ١٢ |
| سنەوبەر | ١٣ |
| هاوڕێی ژینگەم | ١٤ |
| مەل و پەپوولە | ١٥ |
| باڵندەی جوان | ١٦ |
| من ژینگەدۆستم | ١٧ |
| جوانترین کارە | ١٨ |
| گوندەکەم | ١٩ |
| دۆستی ژینگەم | ٣٥ |

| | |
|---|---|
| باخچەکەم | ٢٠ |
| ئافەرین بۆ تۆ | ٢١ |
| کوردستانەکەم جوانە | ٢٢ |
| بولبولی جوانم | ٢٣ |
| لانەی زانین | ٢٤ |
| زارۆم | ٢٥ |
| پەپوولەم | ٢٦ |
| ژینگەی کوردستان | ٢٧ |
| گوندەکەی ئێمە | ٢٨ |
| داربەڕوو | ٢٩ |
| من ژینگە دەپارێزم | ٣٠ |
| بەڵێن بێ | ٣١ |
| بولبول | ٣٢ |
| گوڵەگەنم | ٣٣ |
| باڵندەیەکی بەندکراو | ٣٤ |
| ژووری ترێ | ٥٠ |

| | |
|---|---|
| ئاسک | ٣٦ |
| وڵاتی من | ٣٧ |
| باوکم وتی ڕۆڵەکەم | ٣٨ |
| ئەم کوردستانە | ٣٩ |
| باڵندەیەک | ٤٠ |
| ماسی | ٤١ |
| مەلێکم بینی | ٤٢ |
| ئەو دارە | ٤٣ |
| خاکی کوردستان | ٤٤ |
| ژینگەپارێزیی ئەرکە | ٤٥ |
| سروشتی قەشەنگ | ٤٦ |
| ژینگەی جوان | ٤٧ |
| ئەم خاکە | ٤٨ |
| ژووری هەنجیر | ٤٩ |

| | |
|---|---|
| ژووری پرتەقاڵ | ٥١ |
| ژووری سێو | ٥٢ |
| ژووری لیمۆ | ٥٣ |
| ژووری هەرمێ | ٥٤ |
| باخچەکەمان قەشەنگە | ٥٥ |
| پارکی شار | ٥٦ |
| دار و گوڵ | ٥٧ |
| سوپاس | ٥٨ |
| ژیاننامەی ڕۆستەم خامۆش | ٥٩ |
| | ٦٠ |
| | ٦١ |
| | ٦٢ |
| وێنەی ڕۆستەم خامۆش | ٦٣ |
| وێنەی بەرگی چەند کتێبێک | ٦٤ |

# پێشکەشە بە:
# هەموو منداڵانی کوردستان

# لەگەڵ هیوای شادیی و سەرکەوتن
# بۆ تەواوی منداڵان جیهان

# پێشەکی

منداڵانی ئازیز و خۆشەویست، گوڵە جوانەکانی ژیان، پەپوولەکانی باخچەی نیشتمان، ئەم کتێبەم، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵە شیعرێک لەبارەی ژینگەوە، پێشکەش بە ئێوەی قشتۆکە دەکەم، هیوادارم بیخوێننەوە و سوودی لێوەربگرن، هەمووتان ژینگەتان خۆشبوێ و هەمیشە دۆستی ژینگە بن.

رۆستەم خامۆش
کوردستان – هەولێر

# کتێبێکی چەند جوانم

کتێبێکی چەند جوانم
بۆ هەموو منداڵانم
پڕم لە شیعری ژینگە
کە بۆ ئێوە گرینگە
ئێوەش وەرن منداڵان
بمکەنە هاوڕێی خۆتان
سەیری وێنەی ڕازاوە
بخوێننەوە هۆنراوە
من بۆ ئێوە نووسراوم
ڕەنگاو ڕەنگ چاپ کراوم



# ژینگەکەمان

بــۆ خۆشبەختی کۆمــەڵگــە
پێویستــە پــــاک بـێ ژینگــە

لــە مـــاڵ و لــە خوێندنگــە
پـــاراســــتـــنی گریــنـگــە

لە هـەر شـوێنێک بیـن دەبێ
ژینگــەکــەمـــان خـۆشـبـوێ

بـــە خــــاوێنیی ڕایبگریـــن
تا بــە ســــاغی لێی بژیــن



هەولێر ٢٠٢٠

# ژینگەپارێزی

ئـەوەی ژیـنـگـەپـارێز بێ
بێـگـومــان ڕۆشــنبیـره
ئـەوەی ژینگەی خۆشبوێ
به هەست و هۆش و ژیره

ئـا.. دەی، منـــداڵان پێکرا
وەرن ژیـنـگـەپــارێـز بـن
دڵسـۆز بـن بـۆ ئەم خاکە
بــا ئــازیـــز و بـەڕێـز بـن

چـونـکـە ژیـــنـگــەپـارێزی
ئـەرکە لەسـەر هەمـوومان
بـۆیــــە دەبێ لــە دڵ بـێ
خۆشـەویسـتیی نیشـتمان



هەولێر ٢٠٢٠

# ژینگەی قوتابخانە

با ژینگەی قوتابخانە
هەردەم ڕەنگین و پاک بێ
هەموو ژینگەپارێز بین
هەتا ڕەوشتمان چاک بێ

ئێمە قوتابین لێرە
قوتابخانە ماڵمانە
خۆشمان دەوێ وەکو چاو
خۆشەویستیی دڵمانە

دەیپارێزین بەڵێن بێ
چونکە بۆمان فێرگەیە
دەزانین قوتابخانە
کە خۆشترین ژینگەیە



هەولێر ٢٨- ١- ٢٠٢٠

# قوتابخانەم قەشەنگە

قوتابخانەم قەشەنگە
دیواری ڕەنگاو ڕەنگە

ئای کە جوان و شیرینە
جێی زانست و زانینە

لە دڵما خۆشەویستە
ماڵی هیوا و مەبەستە

هەردەم پاک و خاوێنە
بۆیە خۆشترین شوێنە



# کردەوەی چاك

منـــدالّێـــکـــــــی دڵپـــاکم
خــاوەن کـــردەوەی چـــاکـم
ڕەوشـــت بـــەرز و بـــەڕێزم
چـونکـه ژینگەپـــــارێزم
خۆشــمــدەوێ کوردســـتـــان
خـــاکی پڕ لە گـوڵســـتـان
دەمــــەوێ هێنـــدە جــوان بێ
ڕازاوەی گشت جیـهـــان بێ
لــه دەشت و گرد و کۆسار
یان له گوند بم، یاخود شـــار
پیــســی نـــاکـــــەم وڵاتـــم
جێیه بـــۆ گشت ئـــاواتــم



هەولێر ٢٠٢٠/١/٢١

# سنەوبەر

دارێکـی ڕێک و بــەرزم
هـەمیشـە جوان و سـەوزم

لــە مێژە مــــن ڕواوم
بە سـنەوبـەر ناســراوم

خـۆڕاگــر و بــەهێـــزم
لــە تـۆز دەتـان پارێـزم

ئێنجا لـە وەرزی هـاویـن
لە کـاتی گـەرمـای بـەتین

وەرن بــۆ ژێـر سێبـەرم
ئـەهـا مـن ســـنەوبەرم



هەولێر ٢٠٢٠/٢/١٦

# هاوڕێی ژینگەم

من هاوڕێی ژینگەم، من هاوڕێی ژینگەم
دڵسۆزم بۆ خاک، من هاوڕێی ژینگەم
دۆست و هەڤاڵی مەل و گیاندارم
شەیدای سروشت و دەشت و کۆسارم

من هاوڕێی ژینگەم، بەرزە ئاکارم
هەمیشە جوانن کردەوە و کارم
چونکە من پاکم هەر پاکییم دەوێ
بۆیە ژینگەکەم زۆر زۆر خۆشدەوێ

من هاوڕێی ژینگەم، ژینگەپەروەرم
بە جوانیی ژینگە دڵ بەختەوەرم
بۆیە هەر دەڵێم بەڵێن بێ بەڵێن
ژینگەپارێزبم، من لە هەموو شوێن



هەولێر ٢٠٢٠
لە ژمارە (٢٦٢)ی گۆڤاری (سڤۆرە) بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ٢٠٢٢

# مەل و پەپوولە

منـــدالْێکـــی وردیـــلەم
دۆستی مـەل و پەپوولـەم
کە دەچمـە باخ و گوڵزار
بـــۆ بینینی گـوڵ و دار
پەپـوولە و مـەل نـافڕێنم
ســـەریـان لـێ نـاشێوێنم
ئـەوانیش بـا لــە ژینـگـە
لـەم گوڵزارە قەشـەنگـە
بژین بە ئاشتی و شــادیی
بە سـەربەستی و ئــازادیی



# باڵندەی جوان

کــە دەڕوانم بــۆ ئـاسمان
دەبیــنم باڵـنـدەی جــوان
دێــن و دەڕۆن ئـــــازادن
دەم بــە ئـــاواز، دڵشــادن
بــە دڵخۆشــیی هەڵدەفـڕن
لەبۆ ژین ســتـران دەچــڕن
بـــــۆ ڕازاوەیی ژیــنگـە
بــوونــی ئەوان گریــنگـە



هەولێر ٢٠٢٠

# من ژینگەدۆستم

مـن ژینگەدۆستم، مـن ژینگەدۆستم
ژینگەم خۆشدەوێ، من ژینگەدۆستم

هـاوڕێی گیـاندار و هـەموو باڵندەم
کـاتـێ لایـانـم دەروون ئاسوودەم

ئـازاریـان نـادەم جوانن لـە ژینگە
بـەڵـێ هـەبوونیـان زۆر زۆر گرنگە

ئـەوانیش دەژین، ژینیان خۆشـدەوێ
دەی بـا ئارام بن بـە ڕۆژ و شـەوێ



# جوانترین کارە

جوانترین کارە جوانترین کـــارە
ژینگەپارێزیی جوانترین کـــارە
بەڵێ هەر کەسێ ژینگەپارێز بێ
نیشانەی ژیریی و پاکیی و ئاکارە



# گوندەکەم

هۆ گوندەکەم گوندەکەم
ئازیزی وەک دیدەکەم
ئای کە جوان و ڕەنگینی
لە نێو دڵما شیرینی
خۆشمدەوێی گوندەکەم
تۆی هێلانە و زێدەکەم
بەهاران سەوز پۆشی
زۆر زۆر دڵگیر و خۆشی
ژینگەت پاک و خاوێنە
جوانە وەک ڕووی ئاوێنە
هەمیشە ئاوەدان بی
هەر وا قەشەنگ و جوان بی



هەولێر ٢٠٢١

# باخچەکەم

باخچەکەم ڕەنگاو ڕەنگە
ڕازاوە و زۆر قەشەنگە
لەگەڵ هاوڕێ و هەڤاڵم
کامەران و خۆشحاڵم
باخچەکەم جوانە و خشکۆک
خۆشە بۆ ئێمەی زارۆک
بەڵێ دڵخۆشم لەوێ
بۆیە زۆرم خۆشدەوێ



هەولێر ٢٠٢١

# ئافەرین بۆ تۆ

ئافـەریـن بـۆ تـۆ، قوتـابی چالاک
زۆرت خۆشدەوێ نیشتمان و خاک
بـۆیـــە هەمیشـــە ژینگەپـارێزی
لای هـاوڕێکانـت زۆر زۆر بەڕێزی
لە نێو خەڵکی دا، تۆ خۆشـەویستی
چونکە زیـرەک و تۆ ژینگەدۆستی
لـە هـەر شـوێنێ بی خاوێن و پاکی
چونکە بەڕاستی، تۆ ڕەوشت چاکی



هەولێر ٢٠٢١

# کوردستانەکەم جوانە

کوردستانەکەم جوانە
شوێنی گەشت و سەیرانە
سروشتی دڵڕفێنە
ژینگەی پاک و خاوێنە
دەشتی ڕەنگین و سەوزە
شاخی بڵند و بەرزە
جێگەی ژیان و ژینمە
زێد و لانەی ئەوینمە
خۆشمدەوێ بێگومان
لە نێو دڵمە نیشتمان



هەولێر ٢٨- ١- ٢٠٢٠

# بولبولی جوانم

بولبولی جوانم
شەیدای ژیانم
من بە دڵ شادم
چونکە ئازادم
لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
لە باخی پڕ گوڵ
سەربەست هەڵ دەفڕم
گۆرانی دەچڕم



# لانەی زانین

قوتابخانەکەم، خۆشترین شوێنە
ڕازاوە و جوانە، ژینگەی خاوێنە

من دەیپارێزم وەک ماڵی خۆمان
چونکە هەمیشە ڕووناکە بۆمان

گیانم ئارامە و دڵخۆشم لەوێ
وەک سۆمای چاوم، زۆرم خۆشدەوێ

قوتابخانەی من، لانەی زانینە
جێگەی پەروەردە و ڕۆشنایی ژینە



# زارۆم

زارۆم ژیر و هۆشیارم
زارۆم جوانە ئاکارم
قسەم خۆشە و بەخشندەم
هاوڕێ و دۆستی باڵندەم
هەرگیز ئازاریان نادەم
لەگەڵیاندا ئاسوودەم
ئەوان جوانن بۆ ژینگە
هەبوونیان زۆر گرینگە
ئەو دەمەی، کە هەڵدەفڕن
نەغمە و گۆرانی دەچڕن
شادی بۆ دڵمان دێنن
چونکە ئاواز دەخوێنن



هەولێر ٢٠-٧-٢٠١٧

# پەپوولەم


پەپـوولەم جوان و بچـووک
لای منـدالآن ڕۆحـم سـووک
لـە نێو بـــاخ و گوڵـــزارم
بە گیـان و دڵ بەختــیـارم
شـــــادیی بـێ گوڵ نابینم
بێ گـوڵ مـــات و غەمگینم
بۆیـــە وا شـــــەیدام بە دڵ
بـــۆ ئەویـن و جوانیی گوڵ



# ژینگەی کوردستان

ژینگەی کوردستان
خۆشەویستە لام
بەڵێ ئەم ژینگە
جێیە بۆ هیوام

بۆیە من دەڵێم
دۆستی ژینگەمە
خاکی شیرینم
زێد و جێگەمە



# گوندەکەی ئێمە

گونـدەکـەی ئێمـە جـوانـــە
زۆر خـــۆش و ئـــاوەدانـــە
سـەیرکەن لە قـەد شـاخـە
هـەمـووی گوڵزار و باخـە
داری زۆر دای پـــۆشـــیـوە
سـەوزیی بە گوند بەخشیـوە
ئــاوی ڕووبـــار و کـانـی
خـورپڕەیـان دێ بە جوانی
بەرخـــی نـــەرم و وردیـلە
پێکـڕا لـەگـــەڵ کـــاریـلە
یـاریی دەکـــەن لە ناو گیا
هـەڵدەپـەڕن لـە قـــەد چیا
ئـەوەش گونـدەکـــەی ئێمـە
خۆشـتـریـــن لانـە و جێمـە
بەهـــاران چـەنـد قەشـەنگە
جێی ســـەیـران و ئاهـەنگە



هەولێر ٢٠١٢

# داربەڕوو

من داربەڕووی شاخ و کێوم
تەماشامکەن، جـوان چەقیوم

خۆڕاگـرم قـەت نـالـەرزم
زۆر بـەهێز و بـاڵا بـەرزم

منداڵانـی قشـت و بـەڕێز
ئێوەش وەکو من بن، بـەهێز

خـۆڕاگـر و بـە بـڕوا بن
هەردەم بۆ ژین بـە هیوا بـن



# من ژینگە دەپارێزم

من ژینگە دەپارێزم
بۆیە باش و بەڕێزم

دڵخۆش و دەم بە خەندەم
دەروون و گیان ئاسوودەم

هاوڕێیان ئێوەش وەک من
پاک و ژینگە پارێز بن

هەمیشە ڕەوشت چاک بن
دۆستی سروشت و خاک بن



# بەڵێن بێ

بـەڵێن, بەڵێن، بـەڵێـن بــێ
کە ژینگـەمان خاوێن بــێ

ئـا، دەی، بـا ئێمەی منـداڵ
بیپـارێزیـن وەکـــو مـــاڵ

دەبا ڕەوشتمان چـاک بـێ
بەڵکو ژینگەمان پــاک بێ

تێیدا بژیــن بـە شـــادیی
بڵێیـن بـــژی ئــــازادیی



هەولێر ٢٠٢٠

# بولبول

بولبولی جوانـــی نێو گوڵســـتـانـم
بـه دڵ دەخوێنم بـــۆ نیشـتمـانـم
مـاچ دەکـەم پەڕەی گوڵی نێو باخان
جارجارەش دەفڕم بۆ لوتکەی شاخان

بولبولی شـــەیـدای ژینی ئـــازادییم
شـەیدای سەوزایی و بەهاری شادییم
چەند خۆشـــە کاتێ کەوا مـــن دەفڕم
بە سەربەستی خـــۆم گۆرانـی دەچڕم

مەلێکم دەنگخۆش مـــن لـە نێو مـەلان
مـــن دۆست و هـاوڕێم لەگـەڵ منداڵان
ژیـنـم خـۆشـدەوێ شـــەیـدای ژیانم
لـە ســـایـەی ئاشتی ئـارامـە گیانم



لـە ژمـاره (١٠)ی گۆڤاری (ژیار) بڵاوکراوەتـەوە لە ساڵی ٢٠١٣
له ژماره (٩٠)ی گۆڤاری (گوڵەکان) بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ٢٠١٤

# گوڵەگەنم

ئای چەند جوانە گوڵەنم
ڕووخۆشە، بۆی پێدەکەنم

زۆر دڵخۆشم، کە دەیبینم
ئەو سەرچاوەیە بۆ ژینم

من گەنمم زۆر خۆشدەوێ
زۆر پێویستە ڕۆژ و شەوێ

کە دەیکەین بە کولێرە و نان
سوودی هەیە بۆ هەموومان



# باڵندەیەکی بەندکراو

ئەو باڵندەی بەند کراوە
مافی ژینی لێ خوراوە
هەموو ساتێ دەناڵێنێ
بۆ سەربەستی دەجریوێنێ
دەڵێ: ئێستا نیگەرانم
دوور لە ئاشنا و گوڵستانم
بە ئاواتم، کە بێمەوە
لەسەر چڵ دا بنیشمەوە
بە سۆزەوە لە ناخی دڵ
تێر بخوێنم بۆ جوانی گوڵ
خۆشە فڕین بە ئازادیی
هەردەم بژی بە دڵ شادیی



هەولێر، ساڵی (٢٠٠٠) نووسراوە
لە ژمارە (٢١٣)ی گۆڤاری (جگەرگۆشەکان) بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ٢٠١٣

# دۆستی ژینگەم

قـوتــابیم ژیــر و چالاک
خوێندنە بۆ ژین ڕووناک

زیرەکـی نێو خوێندنگەم
خاوێنم، دۆستی ژینگەم

هەرگیز هەرگیز پۆلەکەم
ناشێوێنم، پیس ناکەم

خۆشـمدەوێ، وەک مـاڵم
پـیـسـیی لـێ ڕادەمــاڵم



هەولێر ٩/٩/ ٢٠١٧

# ئاسك

ئـەو گیـانـدارە، ئـاسـكە
چـەندە جوان و نـاسـكە
با سـەربەست و ئازاد بـێ
لە سروشت دڵی شاد بـێ
ئـازاری مـەدەن هـەرگیـز
جـوانـە ئـاسـكی ئـازیـز
مـەیخـەنـە بـەندیخـانـە
بـا بـژی لـەو كێوانـە
بـۆ خـۆی و بێچـوەكـانی
بـژیـن بـە كـامـەرانی



هەولێر ٢٠١٧

# وڵاتی من

خۆشـــمدەویٚ کوردســـتـــانـــم
لـــە نێو دڵـمـــە نیشـــتـمـــانـــم
شـوێنی بـــاب و بـــاپیرانـــــم
جێی ئـــارامیی دڵ و گیـــانـــــم
سەیری دەشت و بەرزی شاخی
دارســـــتـــــان و جوانـــی باخی
دەریـــا و ڕووبار، کانی و جۆگە
لوتـکـەی بەفریـن، وێنـەی تاڤگە
ئـەوەش جوانیی وڵاتـــــی مـن
جێگـەی ژیـــن و ئـاواتـــی مـن
لـەســـەر خـــاکـی کوردســتـانـم
بـــە گیـــان و دڵ کـــــامـــەرانم



هەولێر ٢٠١٤

# باوکم وتی ڕۆڵەکەم

باوکم وتی: ڕۆڵەکەم
منداڵە شیرینەکەم
هەستە بتبەم بۆ لادێ
تا شادیی بە دڵتا بێ
لەوێ ببینە جوانیی
شاخ و ڕووبار و کانیی
سەیری بەرخ و کاریلە
لەگەڵ مەلی وردیلە
منیش گوتم بابە گیان
ئەی دڵنەرم و میهرەبان
گەلێ سوپاست دەکەم
کە شاد، دەکەی ئەم دڵەم



# ئەم کوردستانە

ئەم کوردستانە
پڕ دارستانە

پڕ گوڵزار و باخ
پڕ لە گرد و شاخ

جوان و دێرینە
خاکی شیرینە

لام خۆشەویستە
جێی شادیی و گەشتە



# باڵندەیەک

بـاڵـنـدەیـەک تـەنـیـا بوو
لــە کـەنـــاری دەریـا بوو
هـێلانـەکەی خاپوور بوو
لە بـەچکەکانی دوور بوو
کەسێک، کە بێ ویژدان بوو
دوور لە جوانیی ژیان بوو
ئـــازاری مـەلـی دابـــوو
هێلانــەکـەی تێکدا بـــوو
بـۆیـــە مـەلیش وا غـەمبار
بە تـەنـیـا و دڵـــی بێـزار
مـابـۆوە لــە دەم کـەنـــار
بـەس هـەیبوو ناڵە و هــاوار



هەولێر ٢٠١٤


# ماسی

گیانلەبەرێکی ئاویی
بێشک (ماسی)یە ناویی

دەربهێنرێ لە نێو ئاو
ناتوانێ بژی یەک تاو

چونکە شوێنی نێو ئاوە
بۆ ژینی ئەو تەواوە

ئەوێماڵی خۆیەتی
دەریا و ڕووبار جێیەتی



هەولێر ٢٠١٢/٩/١٨

# مەلێکم بینی



مـــەلێکـم بیـــنـی بێـنـاز
بـێ گۆرانیی و بـێ ئـــاواز
بـە دیـار هێلانـەی ڕووخـاو
غەمگین، بێ دەنگ و دامـاو
لـە دوای ئـەوەی کە ڕۆیشت
بەچـکـەکـــانـی بەجێهێشت
چـوو خۆراکیـان بـــۆ بێنێ
بـە تێریی بیـــان خـەوێنێ
بــەڵام زۆر بـــە داخـــــەوە
کـاتـــێ کــە مـەل هـاتـــەوە
هێلانــــەکەی ڕووخـــا بـوو
هیچ بەچکەی تیا نەما بـوو
(مـەل)یش کـــردی تەماشـــا
ئاخێکی بـــۆ هـەڵکێشـــا
فرمێســکـــی ڕشـت و گریا
ڕۆیـی بـە تـــاقـــی تەنیا

# ئەو دارە



ئای لەو دارە چەنـد بـەرزە
چەند گەورە و گەڵای سەوزە

تـەمـەنی دەیان سـاڵـە
جوانـە لـە قـەد ئـەو پـاڵـە

سـەدان مـەلی ڕەنگاو ڕەنگ
لەسـەر درەختی قەشـەنگ

وا دەژیـن بـە ئـازادیی
دەجریوێنن بـە شـادیی

٢٩ی ٧ی ٢٠٢٣، هەولێر

# خاکی کورستان

ئـای کـە چـەنـد جوانن دار و گـوڵ و گیا
هەمووی هەر سەوزە دەشت و گرد و چیا
هـــەر ڕازاوە بـۆ خـــاکــی کوردســـتان
بـە کانیی و ڕووبـار، باخچە و گوڵستـان



# ژینگەپارێزی ئەرکە

ئەوەی ژینگەپارێز بێ
کەسێکی پاک و ژیرە
چونکە خاوێنیی دەوێ
بۆیە وا ڕۆشنبیرە

با هەموومان بزانین
ژینگەپارێزی ئەرکە
با دار و گوڵ بڕوێنین
بۆ سوودبەخشی ئەو خەڵکە



# سروشتی قەشەنگ

مـن بچم بـۆ هـەر شوێنێ
ژیــنـگــەکــەی نـاشیۆێنم
چونـکە ڕەوشـتـم جوانـەو
زۆر زۆر پـــاک و خاوێنم

هاوڕێیانـی خۆشـەویست
دەی ئێوەش وەکو مـن بن
لـە نێو سروشتی قەشـەنگ
ژیـــر و وریـــا و هێمن بن



# ژینگەی جوان

وەرن وەرن بـا بڕۆیـــــن
بۆ ئەو دەشت و کێوانــــە
بـــە هێمنی بـڕوانـیـــــن
لەبـۆ ئەو ژینگە جوانـــە

دڵمان خۆشکەیــن و بڵێین
بـــژی بـــژی کوردستان
هـەر ئـــاوەدان بـــێ وڵات
ڕازاوە بـــێ نیشــتـمـان



# ئەم خاکە

سـەیری ئەم کوردستانە
هـەر بـــاخ و دارستانە
وڵاتێکـی زۆر جوانـــە
زێد و شـوێنی بـاوانـە
چەند شیرینە ئەم خـاکە
وا لـە نێو دڵـی پـــاکە
خۆشـمدەوێ نیشتمان
وڵاتی خـۆم کوردستان



# ژووری هەنجیر

قشتۆکەم وەکـو خونچەم
بەڵێ ئەمسـاڵ لە باخچەم
ژوورەکـــەم زۆر دڵگیرە
نـــاوی ژووری هەنجیرە
جوان و پـــاک و خاوێنە
خۆشـترین جێگە و شوێنە
خۆشـــمدەوێ بـاخچەکەم
قەت قەت لـە بیـری ناکەم



هەولێر ٢٠٢١

# ژووری ترێ

منداڵین وەکـــو خونچــە
بەڵێ لێرەین لـە بــاخچــە

باخچەی پڕ کـــامەرانیی
پڕ مـۆسـیقا و گۆرانیی

وەک بــاڵندەی لـە گوڵزار
ئێمەین دڵخۆش و بەختیار

ژووووری تـــرێ جێمـانــە
جێی ســوود و شادیمـانـە



هەولێر ٢٠١٩

# ژووری پرتەقاڵ

ئێمەی بچووک وەک خونچەین
شـــــادین ئێستا لە باخچەین

دڵخـــۆش و لێو بە خەندەین
لە باخـچـەمان ئـاســــوودەین

بـــەڵـــێ هێندە خــۆشـحاڵین
دەڵێی لــە ژووری مــــــاڵین

چەند جوانین ئێمەی منـــداڵ
لـە نێـو ژووی پــرتـــەقـــاڵ



هەولێر ٢٠١٩

# ژووری سێو

ئێمــــه منــدالّــی جوانیــن
لــه بــاخـچـەی منـدالّانیـن

خەندەمان دیـــاره له لێو
ئێمەین وا له ژووری سێو

گوێ ڕادەگریـن به جوانیی
بـــــۆ مۆسیقا و گۆرانیی

هەمــــــوو پێکڕا دڵشادیـن
وەک بــالّندەی ئــــازادین



هەولێر ٢٠١٩

# ژووری لیمۆ

ئێمەی منـــــدااڵ لە باخچەین
هەر وەکو مـەل و خونچەین

باخچەکـــەمان زۆر خۆشە
بـــــــۆ ئێمەی جگەرگۆشـە

یـاریی دەکەیـــــن، ئازادین
هـەمـــــــوو پێکەوە شـادین

چەند دڵخۆشیـــن من و تۆ
لێرەیـــــن لـە ژووری لیمـۆ



هەولێر ٢٠١٩

# ژووری هەرمێ



لە  باخچەی خۆشەویستمان
جێی ئـــاوات و مەبەستمان

بەختـــــەوەر و دڵخۆشین
بـــۆ باخچەمان پەرۆشین

خۆشمان دەوێ وەکو ماڵ
چونکە خۆشحاڵین خۆشحاڵ

ئێمە لە ژووری "هەرمێ"ین
هەر بە ڕاستگۆیی دەدوێین

هەولێر ٢٠١٩

# باخچەکەمان قەشەنگە

ئێمە، ئێمە وەک خونچەین
بە ڕووخۆشی لە باخچەین

باخچەکەمان قەشەنگە
زۆر جوان و ڕەنگاو ڕەنگە

خۆشمان دەوێ باخچەمان
وەک سۆمای دوو دیدەمان



# پارکی شار

کاتێ دەچمە پارکی شار
دەبینم گوڵ و گوڵزار
دڵخۆش دەبم، من لەوێ
بە ڕۆژ بێ، یاخود شەوێ
هەرگیز گوڵ ناقرتێنم
چڵی دار ناشکێنم
پیاسە دەکەم بە ڕێکی
نای شێوێنم جێی خەڵکی
چونکە ئەم پارکە جوانە
جێگەی مافی هەموانە
سەرتاپای خونچە و گوڵە
شوێنی ئارامیی دڵە



٢٠ی ٧ی ٢٠١٧، هەولێر

# دار و گوڵ

دار و گــوڵـم خـۆشــدەوێن
چونــکە مــن ژینگـەدۆسـتم
سەوزی و جوانیی کوردستان
بـۆتــە هیــوا و مــەبـەستم



# سوپاس

منداڵانـــی ژیـــــر و پـــــاک
قوتابیانـــی زۆر چـــــــالاک
ئێوه هــــــــەردەم بەڕێـزن
چــونــکـه ژینگـەپارێـزن
ئەم پەرتــووکەی دامناوە
پڕیـەتـــــــی لـه هـۆنـراوه
خوێندتانەوه پــــەرتـــووکم
هـاوڕێیانـی ڕۆحســـــووکم
سوپاس بۆ ئێوەی بچووک
که بوونه هاوڕێی پەرتووک



١٤ی ١٢ی ٢٠٢٤، هەولێر

# ژیاننامەی ڕۆستەم خامۆش
# شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان.

- ڕۆستەم جەلیل ئیبراهیم مەحمود، ناسراو بە ڕۆستەم خامۆش. لە ساڵی (١٩٨٠)ی زایینی لە گوندی (کانی کوردە)ی سەر بە ناحیەی ئاشتی، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر، لە دایک بووە.
- ئاستی خوێندن: قۆناغی ئامادەیی- بەشی وێژەیی.
- ڕۆستەم خامۆش، بەشێکی تەمەنی منداڵیی لە گوندی (کانی کوردە) بووە و هەر لەوێ خراوەتە بەرخوێندن، دواتر ماڵیان چۆتە قەزای کۆیە و پاشان ئۆردوگای (تۆبزاوە)، کە ئێستا بووە بە ناحیەی (ڕزگاری) لە سنووری قەزای خەبات، دواجار چوونەتە شاری هەولێر و زۆربەی تەمەن و ژیانی هەر لە شاری هەولێر بەسەر بردووە و ئێستاش لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.
- لە قۆناغی سەرەتاییدا خوێندکارێکی زیرەک بووە و لە پۆلەکانی: (یەکەم و دووەمی) سەرەتاییدا بە یەکەم دەرچووە. جگە لە کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانە، هەر لە تەمەنی منداڵیی و مێرمنداڵییدا، ئاشنای کتێب خوێندنەوە بووە، بە تایبەتی کتێبە ئەدەبییەکان.

- له ساڵی (١٩٩٦)دا، دەستی بە شیعر نووسین کردووە.
- له ساڵی (٢٠٠٠)وه شیعر بۆ منداڵان دەنووسێ، یەکەم شیعری بۆ منداڵان، بەناونیشانی (باڵندەیەکی بەندکراو)بوو.

• یەکەم شیعری بڵاوکراوەی بۆ منداڵان:

- یەکەم شیعری بۆ منداڵان، بەناوی (بەرەو خوێندنگا) له ژماره (٩٠٦)ی ڕۆژنامەی (یەککگرتوو) بڵاوکردووەتەوە له ڕێککەوتی ١٠ی ٩ی ٢٠١٢، کە ئەو ڕۆژە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنەوەی وەرزی نوێی خوێندن لەو ساڵەدا.

• یەکەم شیعری بڵاوکراوە بۆ منداڵان لە گۆڤاری کەکۆن:

- یەکەم شیعری بڵاوکراوە بۆ منداڵان لە گۆڤاری کەکۆن، شیعرێکی ڕۆستەم خامۆش بوو بەناوی (قوتابخانە)، کە لە ژمارە (٤٤)دا بڵاوکراوەتەوە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٦.

• بڵاوکردنەوەی شیعر و بابەت و دیمانەکانی:

- تا ئێستا له (١٨ڕۆژنامه و ٤٠ گۆڤار و ٣٨ ماڵپەڕ و ٩ بڵاوکراوەی کاغەزیی و ئەلیکترۆنی) شیعر و چیرۆک و بابەتەکانی بڵاوکردووەتەوە.

- سروود و گۆرانی:

- چەندین شیعری ئاوازیان بۆ دانراوە و لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بە سروود و گۆرانی.

- شیعر لە پرۆگرامی خوێندن:

شیعرێکی ڕۆستەم خامۆش بەناونیشانی (وارێ مە)، کە بە زاراوەی کرمانجی سەروو (بادینی) نووسیویەتی، لە کتێبی خوێندنی کوردی- قۆناغی بنەڕەتی- پۆلی دووەم- وەرزی یەکەم، دانراوە و دەخوێندرێ.

- **کتێبە چاپکراوەکانی:**

- تا ئێستا ئەم کتێبانەی چاپکردووە، کە بریتین لە:

١. داری هیوا، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠١٧، هەولێر.

٢. گوڵی ئاوات، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠١٩، هەولێر.

٣. ژینگەی کوردستان، شیعر بۆ منداڵان، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ساڵی ٢٠٢٠، هەولێر.

٤. دۆستی ژینگەم، هۆنراوەی ژینگەیی بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٢١، سلێمانی. دووجار چاپ کراوە.

٥. باخی ئومێد، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٢١، سلێمانی.

٦. هاوڕێی پێنووس، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٢١، هەولێر.

٧. ئەدەب و هـونەری منـداڵان، چـاوپێکەوتن لەبـارەی ئەدەب و هــونەری منــداڵان، بە هاوبەشــی لەگەڵ د. هاوژین سلێوە، ساڵی ٢٠٢٢، کۆیە.

٨. دیـداری ئەدەبـی منـداڵان، چەنـد تـوێژینەوەیەکی ئەدەبیــی و ڕەخنەیــی، بە هاوبەشــی لەگەڵ چەنــد نووسەرێک، ساڵی ٢٠٢٢، سلێمانی.

٩. واریێ مە، شیعر بۆ زارۆکان، ساڵی ٢٠٢٥.

١٠. پەروەردە و ئەزمــوون، گفتوگـۆی پەروەردەیــی لەگەڵ هەمزە عەباس فەقێ، هاوبەش، ساڵی ٢٠٢٥.

١١. هاوڕێی ژینگەم، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٢٥.

- خەڵاتی ڕێزلێنان و سوپاسنامە:

- تــا ئێســتا زیــاتر لە (٢٠) خەڵاتــی ڕێزلێنــان و سوپاسنامەی پێشکەش کراوە.



# وێنەی ڕۆستەم خامۆش

# وێنەی بەرگی چەند کتێبێکی چاپکراوی ڕۆستەم خامۆش





داری هیوا




گوڵی ئاوات




ژینگەی کوردستان




باخی ئومێد




دۆستی ژینگەم




هاوڕێی پێنووس




هاوڕێی ژینگەم




وارێ مە